# جیاوازی بۆچوون ، جیاوازی رێکخراوە و یەکێتی نەتەوەیی

دوکتور تاهیر حیکمەت ( د. ئازاد )

لەتبوونی حیزبی دیموکڕاتی کوردستانی ئێران ( و ئیمکانی رەوتێکی ئەوتۆ لە ناو کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشان و حیزبی کومونیستی ئێراندا ) هەلێکی نوێی پێکهێنا تا پرسی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان، جارێکیتر بکەوێتەوە بەر باس و لێکدانەوە و هەڵوێست گرتن. ئەگەر جیابوونەوە و لەتبوونی هێزە سیاسیەکان زیانیشی بە دواوە بێ، ئەو سوودەی هەبوو کە زۆرێک لە کۆنە چالاکانی تا ئێستا بێدەنگی، وەجووڵە خستەوە و تەنانەت دوورەپەرێز و خەوتوانیشی راچڵەکاند( وەکو ئەوەی ئەو بێدەنگیە لە ژێر سەری حیزبەکاندا بووبێ!). ئەگەرچی لەو کەشوهەوایەدا رەنگبێ بە زۆر لایەن و کەسایەتی چ رەوا و چ ناڕەوا هێرش بکرێ و جارو باریش سنووری قەڵەم بشکێندرێ، بەڵام پێموایە سەرجەم، بە سوودی کێشەکەمان تەواو بێت.

هاوپێوەند لە گەڵ ئەو پرسەدا بە پێویستی دەزانم لە سەر چەند دیاردەی گرینگ بە کورتی بدوێم.

- جووڵانەوەی رزگاریخوازی نەتەوەیی بە گشتی و نەتەوەی کورد بە تایبەتی، تا سەردەمی نوێ قارەمانی خۆیان دەخولقاند و سەرۆک و رێبەرانیش تێدەکۆشان ببنە قارەمانی نەتەوەکەیان. سەردەمی قارەمان سازی و قارەمان بوون لە مێژە بە سەر چووە. نە جووڵانەوەکان پێویستیان بە قارەمان ماوە، نە رێبەران بواری قارەمان بوونیان. بۆیەش ناتوانن ئیتر زۆر هەوڵی بۆ بدەن. تایبەتمەندی لەتبوونی حیزبی دیموکڕات، سەرەڕای ئەو راستەقینەش، لەوە دایە کە وتارنووسانی ئێمە تێدەکۆشن بە زۆری زۆرداری قارەمانیان بۆ بخولقێنن، هەر لایەنەی بە قارەمانێکەوە ناو دەبەن کە هەرگیز نەبوون و ناشبن. هەر وەکو ئەوەی ئەو هەموو ئەندام و کادرانەی کە لە هەر دوو لا هەن، کەڕ و کوێر و تێنەگەیشتوون.
- ئەگەرچی وێدەچێ لە هەر دابڕان و هەڵبڕانێکی هێزە سیاسیەکاندا، دەستی دەرەکی هەبێ، بەڵام ئەمە نابێ ببێتە هۆی ئەوەی کە هۆ ناوەکیەکان بە تەواوی لە بیر بچنەوە. ناکرێ پرسی کورد <u>تەنیا</u> بە چاوی " ئەمنییەتیەوە" تماشا بکرێ و ئاڵۆزی و گێرە و کێشە عەینیەکانی ناو جووڵانەوەکە لە پەراوێزدا بمێننەوە کە دیارە ئەودەم چارەسەریشیان پشت گوێ دەخرێ.
- کۆمەڵگای کورد لە رۆژهەڵاتی وڵاتدا تووشی گۆڕانکاری قووڵ و بەرچاو هاتووە، رادەی خوێندەواری چۆتە سەر، ئەگەر پێش شۆڕشی ئێران 70 لە سەدی دانیشتووانی رۆژهەڵات نەخوێندەوار بوون، ئێستا بە پێچەوانە رادەی خوێندەواران زۆر لە سەرەوەیە. خەڵکی ئەمڕۆ بە جێی ئەوەی شوێن دروشم و هەست کەون، بە هۆی تێگەیشتوویی زانستیەوە بۆچوون و رای تایبەتی خۆیان هەیە. ئەو رەنگاوڕەنگی و جیاوازی بیر و رایە رەنگبێ لە

هەلومەرجێکی تایبەتدا بەربینگی هێزە سیاسیەکانیش بگرێ. دەگونجێ لە ناو ئەوانیشدا جیاوازی بۆچوون لە سەر ستراتیژی کورد، شێوەکانی رێکخراوەیی و خوێندنەوەیەکی تر لە رابردوو و مێژووی حیزبی _ رێکخراوەیی خۆیان و نەتەوەیی بە گشتی، سەر هەڵدا.

تێکچوونی بارتەقایی کۆمەڵایەتی ئەوتۆ، دەتوانێ جیابوونەوە یا لەتبوون بە سەر هێزە سیاسیەکاندا بسەپێنێ یا هۆی پێکهاتنی رێکخراوەی نوێ بێ. بەو پێیە جیابوونەوە یا لەتبوونی حیزبە سیاسیەکان چ لە سەر بنەمای جیاوازی بیر و رای سیاسی یا شێوەکانی بەڕێوەبەری رێکخراوەیی نەتەنیا دەتوانێ ئاسایی و ئاکامی رەوتێکی سروشتی بێ و زیانێک بە سەرجەمی وزەی جووڵانەوەی کورد نەگەیەنێ، بەڵکو، لەو رووەوە کە هەڵسوکەوتی هێزە سیاسیەکان لە جیاتی بەرەو پێشبردنی جووڵانەوەکە، بە گێرە و کێشەی ناوخۆییەوە خەریک بێ، ئازاد بوونی ئەو وزە و توانایە بۆی هەیە سوودیشی بە دواوە بێت. کەسانێک بە هەڵە پێیان وایە هەر چەشنە جیابوونەوە یا لەتبوونی حیزبەکان بە مانای لاواز بوون و کۆسپ و تەگەرەی یەکێتی نەتەوەییە. زۆر کەسی ساویلکەی بە رواڵەت سیاسیش تەنانەت ئەو مەسەلەیە لە گەڵ بەرەی یەکگرتوو تێکەڵاو دەکەن و وەکو مەترسیەکی دژی یەکێتی نەتەوەیی چاوی لێدەکەن کە لە راستیدا، دوو دیاردەی جیاوازن و کارتێکەریەکی لەو چەشنەیان نییە. ئەوە چەشنێک تێگەیشتنی میکانیکی لە یەکێتی نەتەوەیی و میکانیزم و ئەرکەکانی بەرەیە. جاری واش هەیە کە بۆ وێنە لەتبوونی حیزبی دیموکڕات وەکو لەتبوونی جووڵانەوەی کورد لە رۆژهەڵاتدا هەڵدەسەنگێندرێ. لە کاتێکدا ئەو حیزبە بۆ خۆی هەرگیز ئیددیعای ئەوەی نەکردووە کە هەموو جووڵانەوەی کوردە. ئەو کەسانە لە راستیدا کاسەی لە چێشت گەرمتر و بێ خەبەر لە ناوەرۆک و راسەقینەی جووڵانەوەی کوردن.

پێکهێنانی رێکخراوەی نوێ یا تەنانەت لەتبوون و جیابوونەوەی پێویست و ئوسوولی حیزبەکان، زیان بە سەرجەمی جووڵانەوە و پێکهێنانی بەرەی یەکگرتوو یا پرۆسەی یەکێتی نەتەوەیی ناگەیەنێ مەگەر، کاتێک کە :

1 _ لایەنێک یا بەشێکی ئەو لایەنە پاسیو بمێنێتەوە، یا بە هۆی دڵساردیەوە خۆی لە جووڵانەوەکە بکێشێتەوە. ئەم حاڵەتە زیاتر کاتێک دێتە پێش کە سەرەڕای جیاوازی بیر و ڕا، ئەو هێزانە لە رێکخراوەیەکدا لە گەڵ یەک بمێننەوە و بۆ چوونی لایەنێک پشت گوێ بخرێ یا سەرکوت بکرێ.

2 _ جیاوازی نێوان ئەو باڵانە لە شێوەی سیاسی بێتە دەر و شەڕی ناوخۆیی پێکبێنێ. ئەم حاڵەتە لە جیابوونەوە و لەتبوونی حیزبەکاندا بواری زیاترە.

3 _ لایەنێک نەتەنیا واز لە خەبات بێنێ، بەڵکو بچێتەوە پاڵ دوژمن. ئەم حاڵەتە هەم لە مانەوەی نابەجێ بە یەکەوە، هەم لە جیابوونەوەو لەتبووندا بواری هەیە.

هەر چی زانیاری لە کۆمەڵگادا پتر پەرە بستێنێ، جیاوازی بیر و را و تێڕوانین بە تایبەت لە پرسەکانی کۆمەڵایەتیدا پتر گەشە دەستێنێ. ئەو پەرەئەستاندن و گەشەسەندنەش بۆی هەیە ئۆرگان و رێکخراوی نوێ بێنێتە گۆڕێ یا رێکخراوە گەورەکان بەرە بەرە چکۆلەتر بکاتەوە. ئەوە

بەشێک لە یاسای پێشکەوتنی کۆمەڵگا دواکەوتووەکانە و پێویست ناکا ئێمە قوڕی بۆ بپێوین یا فرمێسکی بۆ هەڵرێژین.

ئێمە دەبێ و دەشێ هەوڵبدەین لە سێبەری پلۆڕالیزمدا خاڵی هاوبەشی بیر و بۆ چوونە نەتەوەییە جیاوازەکان بەرەو یەکێتی و یەکگرتوویی لە ژێر ئالآ و لە خزمەت بەرژەوەندی نەتەوەییدا هان بدەین.